
ژن و هەڵبژاردن

لیستی ژنانە و بەرژەوەندییەکانی ژنان

پاشکۆی ژن و هەڵبژاردن



ل٣

وەرە

لەگەڵ رۆحما یار بە



ل٢

ی سەربەخۆیە سەنتەری راگەیاندن و رووناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێك دەریدەکات|سێشەممە١٦|٢|٢٠١٠|ژمارە (٢٠٩)|ساڵی نۆیەم|بێ بەرامبەرە

### تۆماس هەندەر ئۆستن

# "ناتوانین باس لە دیموکراسی بکەین لەکاتێکدا ، کچان ئەتکدەکرێن"



گرتەیەك لە ڕۆژی سیمینارەکە

فۆتۆ-نسار

لەسیمینارێکی تایبەتدا بۆقسەکردن لەسەر دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە لەکوردستان، بەبۆنەی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە، تۆماس هەندەر ئۆستن شارەزای سیاسی لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فەلاح موراد خان بەڕێوەبەری رێکخراوی wadiئەڵمانی، لەکۆنفرانسێکدا کە سەنتەری راگەیاندن وروناکبیری ژنان رۆژی ٢٠١٠/٢/١٠دا لەهۆڵی سەنتەر سازیکردبوو، چەندین ئامارو زانیاری لەدووتوێ توێژینەوەیەکی ئەزموونی، رێکخراوی ناوبراوییان خستەڕوو. تۆماس هەندەر ئۆستن لەدەستپێکی قسەکانیدا زەنگی خەتەرناکی ئاراستەی حکومەت وپارلەمان ومرۆڤدۆستان لەهەرێم کردو وتی "هیچ کاتێك ناتوانین باس لە دیموکراسی بکەین لە کاتێکدا لەناوچەیەکی وەك رانیەوقەڵادزە، هەتاکوئێستا بەنیتۆککەر کچان خەتەنەدەکرێن"، روونیشیکردەوە لە توێژینەوەیەکی ئەزموونی کە رێکخراوی wadiئەڵمانی ساڵی ٢٠٠٧دا لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان/کەرکوك ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە رێژەی گشتی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستان : لە دهۆك بەرێژەی٧٢٪، هەولێر٦٣٪، سلێمانی٩٧,٧٪، گەرمیان وکەرکوك ٨١,٢٪. هەندەرئۆستن خۆشحاڵی خۆی بەکارەکانی سەنتەر دەربڕی وتی" سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان، یەکەم کەس بوون لەکوردستان باس لەخەتەنە بکەن و ئەمبابەتەیان وورووژاند".

جەختیشی لەوە کردەوە کارکردنیان وەك رێکخراوی wadiئەڵمانی، کارێکی ئاسان نەبووە، وسەختیيەکەشی شکاندنی دوو تابۆ بووە لەهەرێمی کوردستان "بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە لەکوردستان رووبەڕووی دوو تابۆ بووینەوە، یەکەم تابۆی ناوخۆی وئاشکرایە دابونەریت، ئاین، دەسەڵات کەبەشەرمەوە باسییان لەدیاردەکە دەکردو پێیانوابوو باسکردنی خەتەنەکردنی مێینە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر سومعەتی کورد لەجیهاندا، تابۆی دووەمیش نیودەولەتییە، کەلەجیهاندا خەتەنەکردنی مێینە وەك دیاردەیەکی قارەی ئەفریقیا (لە٢٨وڵاتی ئەفریقیا) ناسراوە." شارەزا سیاسییەکەی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەکۆتایی قسەکانیدا گەشبینی خۆی راگەیاند"مایەی خۆشحاڵییە خەڵکی کوردستان توانی ئەم تابۆیە بشکێنێت ولەساڵی ٢٠٠٧دا چواردەهەزار واژوویان ئاراستەی پارلەمان وحکومەتی هەرێم کردو داوای قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینەیان کرد بەیاساو رێوشوێنی یاسایی لەگەڵ ئەنجامدەرانی تاوانەکە بگیرێتەبەر". ناوبراو بانگەوازێکی ئاراستەی رێکخراوەکانی ژنان ومرۆڤدۆستان و دامودەزگاکانی حکومەت وپارلەمان کرد هەوڵبدەن بۆپەسەندکردن وکاراکردنی ئەوپڕۆژە یاسایەی لەپارلەمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بینەفشارێك بۆ سەردەسەڵات بۆجێبەجێکردنی لەبەرئەوەی دیاردەکەی لەئێستادابەردەوامە، وتی "لە٨٠٪ئەوانەی لەتوێژینەوەکەدا پرسیارییان لێکراوە ئایا خەتەنەکراون بە بەڵێ وڵامییانداوەتەوەو ئامادەشن کچەکانیان خەتەنەبکەن وهۆکارەکەشیان بە ئاینەوە بەستۆتەوە."

لەلای خۆیەوە فەلاح مورادخان بەڕێوەبەری رێکخراوی wadiئەڵمانی، خەتەنەکردنی مێینە بەتاوان لەدژی مێینە لەقەڵەمداو ئاماژەی بەوەدا " خەتەنەکردنی مێینە جۆرێکە لە ئەتککردن و تاوانێکە دژی مێینەو دەرهەق بەمافەکانی وەك مرۆڤ ئەنجامدەدرێت" رایگەیاند"زیانەکانی تەنها بۆژنان نییە، بەڵکو پیاوانیش لەژیانی خێزانیدا لێی زەرەرمەنددەبن، دەرئەنجام کۆمەڵگایەکی نائەندروست بەرهەمدێت." موراد‌خان رووینیشیکردەوە لەساڵی ٢٠٠٧_٢٠٠٨دا کە واژووەکان پێشکەشی پارلەمان کراو قسەو باسێکی زۆری لەسەرکراوە"بەراستی ئامارەکان ئاماژەبوون بۆ بوونی مەترسییەك وخەتەرێك لەسەر ژنان، بەڵام حکومەت پێیوابوو حاڵەتەو نەبووە بەدیاردەو بەشداری لە کۆبوونەوەکاندا نەکرد."